**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پاڵپشت بە حوکمەکانی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو و، بە گوێرەی ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران خستییە روو، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتنی ئاسایی خۆی ژمارە (٢٤)دا کە رۆژی ٢٠١٢/٦/١١ گرێ درا، بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی٢٠١٢
## یاسای درێژەدان بە کارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق

**ماددەی یەکەم:**

کارکردن بە حوکمەکانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ لە رۆژی ٢٠١٢/٧/١٦ بۆ ماوەی دوو ساڵی تر درێژ دەکرێتەوە.

**ماددەی دووەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوواندنییەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)، بلاودەکرێتەوە.

**د. ارسلان بایز اسماعیل**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

---

تێبینی: ئەم یاسایە بەبڕیاری ژمارە ( 18) ی ساڵی ٢٠١٢ لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا.